# هۆ خوشکێ گیان

حەمەسەعید حەسەن

کاتێ زامی سنگی ‹ئەختەر› دێتەوە سوێ
لە یادمای
هۆ خوشکێ گیان،
کە ‹جەمیلە› ئازار دەدرێ
لە یادمای
هۆ خوشکێ گیان،
کە ‹ئەنگیلا›
لە زیندانێکی نووتەکا
بێباک دەنوێ،
لە یادمای
هۆ خوشکێ گیان،
هاورێی خەباتی شەقام و
لوتکەی چیا و
چەقی زیندان.

*

دە یاخی بە لەو کۆمەڵەی
وەکوو ئینسان بۆت ناڕوانێ،
دە یاخی بە لەو کۆمەڵەی
بە ئینسانی پلەی دووەمت دەزانێ،
دە یاخی بە لەو یاسایەی
گوێ بۆ دەنگت ڕاناگرێ،
دە یاخی بە لەو یاسایەی
وەک چۆلەکە سەرت دەبڕێ،
دە یاخی بە هۆ خوشکێ گیان
هاورێی خەباتی شەقام و
لوتکەی چیا و
چەقی زیندان.